## ئیعترافی ئەفسەرێکی پایە بەرزی! سوپای عێراق لەبەردەم سەدام حسێن دا)

گەورەم سەرۆکی فەرماندە........

لەپاش ئەوەی شارو شارۆچکەو گوندەکانی ناوچەکەمان تەخت کرد, سیخوڕەکانمان ئاگاداریان کردینەوە کە گوندێکی بچووك لەوبەری ناوچەکەماوتەوە.. هێزەکانم برد, بینیم گوندەکەیان چۆڵ کردووەو تەنانەت ئاژەڵیشی تیادا نەماوە... بەمالاَن دا گەڕام بەڵکە زیندەوەرێك بدۆزمەوەو کەف و کوڵی خۆمی پێ بڕێژم, نەبوو.. لەوپەری گوندەکەوە ماڵێکی بچوك هەبوو, کەنزیکی کەوتمەوە لەپڕ گوێم لەگرو گاڵی منداڵێك بوو, چوومە ژوورەوە بینیم منداڵێکی ساوا لەناو بێشکەیەکدا گرِوگاڵ دەکات, کەمنی بینی چاوەکانیهەڵبڕیو پێکەنی, من لەوساتەدا منداڵە ساواکەی خۆمم بیرکەوتەوە.. پاشان کە فەرمایشتەڕەواکانی جەنابتانم هاتەوەیاد لەدڵی خۆم دا وتم منداڵی من لەکوێومنداڵی ئەم رەگەز چەتەیە لەکوێ؟ لوولەی دەمانچەکەم خستە ناو دەمی, دەبینم منداڵەکە دەستی کرد بە مژینی لوولەی چەکەکەم.. دیار بوو زۆری برسی بوو, وای دەزانی گوێ مەمکی دایکێتی... قەیەرێ وەستامو سەیرم کرد, منداڵەکە بەخۆشیەوە خەریکی مژینی خۆیەتیو بەسوپاسەوە چاوە گەشەکانی لێم دەڕوانی... وتم نایکوژم تا خۆی لەبرسا دەمرێت, دیار بوو شەیتان هانی دەدام نەیکوژمو لەفەرمانە رەواکانی جەنابتان دەربچم....!, بەلاَم خێرا شەیتانم بەنەفرەت کردو چاوم نوقاندو پەنجەم لە پەلە پیتکەی چەکەکەم توند کردو مێشکی منداڵەکەم پژاند..

لەپەراوێزی کارەساتی ئەنفال و وێرانکردنی گوندەکانی کوردستان دا.

د. وەهبییە شەوکەت محمد/لە رێگای کوردستاندا ئەم بابەتەی بلاَو کردۆتەوەو عارف قوربانیش لەبەرگی دووەمی شایەتحالەکانی ئەنفالدا جارکی تر بلاوی کردۆتەوە , منیش بەپێویستم زانی ئەوەندەی توانام بەسەریدا بشکێ خوێندنەوەیەکی زۆرکورتی وەك ئەم بابەتەی خوارەوەی لەسەربکەم . عومەر

# ئەفسەرێکی پایەبڵند، بەڵام گرگن

# خوێندنەوەیەك بۆ ئیعترافی ئەفسەرێکی پایەبڵندی سوپای عێراق، لەتاوانکاریەکانی هێرشی ئەنفالدا.

**عومەرمحەمەد**

هێرشە تاوانکاریەکانی ئەنفال و جینۆسایدی کورد، لێوان لێون لەحیکایەتی زوڵم, حیکایەتی گچکەو تاوانی گەورە، کارەساتی گەورە بەدەست پیاوانی بەناوگەورەولەڕاستیشدا گرگن و بچوکەوە هەموو ئەو حیکایەت و سەرگوزشتەو بەڵگەنامەو دیکۆمێنتانەی بیستراون و نوسراون مایەی تێڕامانی قوڵ و

خوێندنەوەی فرە رەهەندن، چونکە لەنێو دووکارەساتی یەك لەدوای یەکی قڕکردندا لەماوەی دووساڵدا بەشێوەیەکی لەژمارە نەهاتوو, بێوێنە لەسەدەی بیستەمدا چیرۆك‌و بەسەرهاتی مرۆڤ هەژێن ڕوویانداوەو بەعس بەشانازی‌و جوامێری لەقەڵەمی داون‌و بێشەرمانەش یادی کردونەتەوە.. بۆیە هەق نی‌یە مرۆڤایەتی بەگشتی‌و کورد بەتایبەتی ڕاگوازەرانە تەماشای ئەو کارەساتانە بکاو بەهەندیان نەگرێ، بە پێچەوانەوە دەبێت کورد لە ڕابردووی خۆی زیاتر لەپەنجەرەی دیموکراسی‌یەوە تەماشای حەوشەوبانی ماڵی خۆی بکاو، هەموو ئەو چیرۆك‌و حیکایەتە تراژیدیانە دیکۆمێنت بکاو شاکاری گەورەی ئەدەبی‌و یاسای بەڕێوەبردنی تەندروستی بۆ ئایندە لێ بەرهەم بهێنێ‌و بە لۆژیکێکی مرۆڤدۆستانەوە, ئایندە بنیات بنێ، من لەنێو ئەو حیکایەتگەلە تراژیدیانەدا لەم نوسینەمدا تەنها لەسەر کوشتنی منداڵێکی کورد دەوەستم‌و ئەوەندەی بۆم بلوێ ئەوە دەخەمە پێش چاوو کە بەناوی سەروەری نیشتمانەوە لەشکرێك مرۆڤی حاقدو ڕەق ئەستور بەرهەم دێنێ‌و لەبری خۆشەویستی بۆ نیشتمان‌وهاونیشتمانیان، ڕق‌و کینە بلاْودەکاتەوەو لەبری چاوکرانەوەو هوشیاری کۆمەلاْیەتی، چەواشەیی دەکاتە پێوەری هاو نیشتمانی‌و لەبری خواوەند سەرۆك دەکاتە مەرجەعی پەرستن‌و ئایدۆلۆژیای حزب دەکاتە دەقی مقدەس بۆپەرستن، هەر بۆیەشە سوپای عێراق هەموو سیفەتێکی‌نیشتمانی لەدەست دەداو دەبێتە هێزێکی ترسناکی بکوژو بڕ, هەر نەجمەو داڵێکی سەرشانی پیاوە پلەدارەکانی دەوڵەت پتر دەبێتە مایەی ترس‌و دڵەڕاوکێ بۆهاولاْتیان ، چیرۆکی کوشتنی منداڵێکی ناوبێشکە لەناوشالاْوی نەگریسی ئەنفالدا پتر لەهەر مەسەلەیەکی‌تر دەبێتە مایەی هەڵوەستەکردن..ئەفسەرێکی پایەبەرز؟!!دیارە ئەم کەسە ناوو شوێنی دیار نیە، بەلاْم بەدڵنیایی‌یەوە لەئاستی رئیس ئەرکانی جیش، قائد فەیلەق، قائد فرقەدایە،.. دکتاتۆرێکی وەك صدام مەگەر چۆنها دەنا لە هەموو ساتەوەختێکدا دەرفەتی ئەوەی نەداوە ئەفسەرێکی خوارەوەیان یان سەربازێك بگەنە لای‌و لەبەردەمی‌دا خۆیان هەڵکێشن..بەپێچەوانەوە هیچ کەسێك مافی ئەوەی نەبووە لەسەرۆك زیاتر باسی ئازایەتی کەسێکی‌تر بکات..هەر بۆیەشە ئەو ئەفسەرەی بەتاوانەکە هەستاوە پتر لەوەی کە هەیە خۆی بچوك کردۆتەوەو سەرۆکی دکتاتۆریشی گەیاندۆتە ئاستی خواوەند..

ئەو هەر لەدەستپێکی قسەکانی‌دابەچنگ‌ونینۆك هەوڵدەدا دڵسۆزی بۆ دکتاتۆر پیشان بدا, هەروەکدەڵێت:( گەورەم کە چوینە گوندەکە بینیمان چۆڵە..بۆیە گەڕام تا زیندەوەرێك، بدۆزمەوەو کەف‌و کوڵی خۆمی پێ بڕێژم).. ئەوەتا ئەفسەرەکە بێ ئەوەی لەوە بترسێت سەرۆك لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکات لەسەر مافی ئاژەلاْن، باڵندەو ماسی‌و زیندەوەرانی‌تر، چ جای منداڵێکی ناوبێشکە..ئەو پەروەردەی نێو سوپایەکە..دەبێت بکوژێ‌و خۆی بەکوشت بدات، ئەمەش بەناوی سەروەری نیشتمانەوە نەك بۆ نیشتمان..ئەو عەبدیکەولەوەهاحاڵیکدا مافی ڕەتکردنەوەی نیە..دەنا هاولاْتی‌یەکی تەندروست، پیاوێکی گەورە، سەربازێکی نیشتمان پەروەر، پێشەوایەکی سەربازی؟ چۆن مافی ئەوەی نیە بپرسێ‌و بزانێ هاونیشتمانی خۆی بۆ دەکوژێ؟ چۆن مافی مرۆڤ لەبەرچاو بگرێ، چۆن دەتوانێ غەدر لەنیشتمان بکات؟!!

بەلاْم ئەفسوس..سوپا، سوپای حزبێکی تاریکی‌وەك حزبی بەعس بوو..صدام دەیگوت(کوردستان بەهەشتی خوایە لە سەر زەمین) کەچی ، قائیدێك، فرقەیەك لەسوپامان نەبینی بڵی سەرۆك بەهەڵەدا چووە.. ئێمە بەهەشتی سەرزەمینی عێراق ناسوتێنین، یان تاکە قائدێکی سەربازیمان نەبینی.. ڕابکاتە

دەرەوەی سوپاو بڵێ من سەربازی نیشتمانم‌و دوژمنی نیم!! ئاخۆ ئەگەر تاوانبارێکی وەك خەزرەجی، هەڵوێستێکی ئاوای هەبوایە یان هەر پلەدارێکی باڵای سوپا..پەکی توانای پەکخستنی سیاسەتەکانی بەعسی نەدەبوو لەوسەروەختەدا؟! ئاخۆ ئەمڕۆ هەق نەبوو لەوەها هەڵوێستێکی مرۆڤانەدا، کوردو عیراقی‌یەکان شانازی یان پێوە بکەن.؟؟.بەڵام هەزار ئەفسوس پێچەوانەکەی ڕاستەو لەپاش دنیایەك تاوانکاری لەبەربەرژەوەندی تایبەتی‌خۆی لەدەست دکتاتۆر هەڵدێ‌و شەرەفی ئۆپۆزسیونی پێ دەبەخشن،؟؟!

ئەوئەفسەرە پلەبەرزە هێندە لەبەردەم دکتاتۆردا، بچوك دەبێتەوە، بەوپەڕی شانازی‌یەوە، باس لەدڕندەیی خۆی دەکات..ئەو دەڵێت: ((گوێم لەگروگاڵی منداڵێك بو، کەچووم لەناو بێشکەیەکەوە بۆم پێکەنی، کە لەلولەی دەمانچەکەم خستە ناودەمی‌یەوە ئەو وای زانی مەمکی دایکێتی دەستی‌کرد بەمژینی‌و لە چاوەکانی‌دا سوپاسم دەخوێندەوە) بیهێننە پێش چاوو! دڕندەیەکی دووپێ لەبەردەم سەرۆکەکەی‌دا چ اعترافێك دەکات؟! ئاخۆ دەبێت ئاین‌و ئایدۆلۆژیا، چ مەرجەعیەتێکی ویرانکەریان هەبێت لەدیدی سەرۆکدا؟! ئاخۆ ئەگەر قائد تەندرووست بێت..سەربازەکەی لە دادگاش ئیعترافی وەها وەحشی‌یەتێك دەکات؟!..کەچی ئەم بەشانازی‌یەوە کارەسات دەگێڕێتەوەو ئەو بەخەنینەوە گوێ لەدەست‌و پێوەندەکانی دەگرێت.

(دەگەڕام تا هەر زیندەوەرێك ببینم کەف‌و کوڵی خۆمی پی‌بڕێژم) بەم شێوەیە: پایەبڵندێکی سوپای بەعسییان، دووپی‌ێەکی مەرگ دۆست‌و بوودەڵە, دان بەوڕاستی‌یە دادەنێت، کە سیاسەتەکانی حزبی جێبەجێ کردووە، ئاخۆ ئەو ئاژەڵ‌و باڵندە کیوی‌یانەی لەسنوری ناوچە قەدەغەکراوەکاندا دەژیان گوناهیان چی‌بوو؟ کە کەوتنە بەر شاڵاوی پیاوانی بەعس.. چ دوژمنایەتی‌یەکیان لەگەڵ بەعسی‌یەکاندا هەبوو؟ چ غەدرێکیان لەنیشتمانی عیراق کردبوو.؟! بەڵام دیارە ئەوان لەکورد نەگبەت تربوون، دەکرا، نەتەوە یەکگرتووەکان، لەبێ گوناهی ئەو باڵندانەوەکە بەر جینوسایدی بەعس کەوتن, تەماشای کەیسی کوردەکانی عێراقی کردبا وهەڵوێستێکی بکردبایە، ئەی تاوانی ئەو منداڵە بەریئانە چی‌بوو، کە هێشتا، نەیاندەزانی خۆیان چین‌و کوردو بەعس لەسەرچی کێشەیان هەیە، ئەو منداڵانەی خۆشیان نەیانزانی ژیان چی‌یەو بەعس چی‌یەو لە دەرەوەی تۆپزاواو قاعەکانی سەربازگەی دووبز ژیانێکی تر هەیە، ئەو منداڵانەی لە ئەنفال‌و نوگرەسەلمان‌و عەسکەرە رەشەکان‌و سەگە رەشەکان‌و دایکە مەزڵومەکانیان لەناو قەڵایەکی دزێوو دواجار گۆڕە بەکۆمەڵەکان زیاتر شتێکی ترو شوێنێکی تری یان نەبینی! ئەو پەپولانەی لەگەرما گرنج گرنجەکەی نوگرە سەلمان زیاتر هیچی‌تر لەکەش‌و هەوا حاڵی نەبوون‌و نەیانزانی وڵاتی خۆیان کویستانە وهەوایەکی فێنکی هەیە.

دیارە قسەکانی ئەو پیاوە پلەدارە گرگنە زۆر هەڵدەگرێ‌و من لەوێزەی هەمووی نایەم، بەڵام هەڵوەستە لەسەر پەیڤە تفت‌و تاڵەکانی، پێمان دەڵێت بەخۆکەون، تا ئەم نەگریسانە دیسانەوە دەسەڵاتیان نەگرتۆتەوە دەست، پێمان دەڵێن، قوتابخانەو فەرمانگەو دام‌و دەزگاکان، لە اخلاقیان‌و یاساو بڕگە یاسایی‌یەکانی بەعس پاك بکەنەوە، دەنا ڕۆژانی ڕەش لەبەرگێکی‌تردا ئامادەیەو بەرە بەرە هەڵمان دەلوشێتەوە ناوخۆی..

مرۆڤ كە خاڵی بوولە خۆشەویستی، بەدڵنیاییەوە خالیش دەبێتەوە لەمرۆڤ بوون, ناتوانێت یان هەر نازانێت خەڵکیخۆش بوێت، ئەو چرکەساتەی،ئەفسەرەکە منداڵەکە دەکوژێت لەناوبێشکەدا، ئەو مرۆڤایەتی دۆراندووە, زیندووە، بەڵام وەك ئامێرشت دەڵێتەوە، خۆی ووشە بەرهەم ناهێنێ، بەڵکو ووشەکانی بۆ ئامادەکراون و ئەم ئەرکی ڕێزکردنیانی لەسەرە کاتێك هەستە مرۆڤایەتییەکانی دەوروژێن و لەچرکەساتێکدا دەیەوێت منداڵەکە نەکوژێت، ئەو ستایشی ئەو هەستە ئینسانییەی خۆی ناکاو ئامادە نیە تاسەرلەگەڵیا بژی، بەڵکو ئەو هەستە ئینسانیانە لەناخی خویدا بە شەیتان دەزانێت, بۆیە هەوڵی کوشتنی دەدات، ئەو ترسە لەوە گەورەترە بهێڵێ هەستە ئینسانییەکانی گەورەبن..ئەو لەبنەڕەتەوە ترساوە خاوەنی خۆی نیە هەر بۆیەشە لە بەرامبەر حاڵەتە ئیسانیەکان بێتوانایەو ئیسانیەت بە هەرەشەیەك دەزانێ لەسەرمانەوەی ، ئەوباش دەزانێت صدام دکتاتۆرە, درۆزنە، دەنا صدام منداڵانی لەباوەش دەگرت و ماچی دەکردن و لەهەمان کاتیشدا قەتڵ و عامی دەکردن و لەبەرهەڵستکارەکان جیای نەدەکردنەوە..

ئیدی کاتێك دەڵێت من بەسەر شەیتاندا زاڵ بووم, لەڕاستیدا دەخوازێت، بەسەرۆك بڵێن لەترسی تۆ وازم لەئیسانیەتی خۆم هێنا، ئەو حاڵەتەی کەبوّت دەگێڕمەوە، لەبەرخاتری تۆیەو دەمەوێت دڵت خۆش بکەم، چونکە دەزانم تۆ کەیفت بەگێڕانەوەی ئەو حیکایەتانە دێ و بەبینینی ئەو دیمەنانە خۆش حاڵ دەبێت. منیش دەمەوێ خۆشحاڵبیت,

..ئێوە بهێنە بەرچاوی خۆتان، لەهەڵمەتێکی مرۆڤ ڤرکەری وەك ئەنفالدا خێزانێك بەژن و پیاوییانەوە دەکەونە دەست جەللادەکانی بەعسەوەو پاشان ژنان لەپیاوان و منداڵان لەدایك و باوکیان جیادەکەنەوەو هەریەکەیان بەرەو ڕێگایەکی مردن دەبەن..کوڕێك بەرەوچاڵەکانی کۆمەڵکوژی ، بەڵام کچی هەمان خێزان یان خوشکی هەمان کوڕ..بە مەلهاکان و نادی شەوانەی وولاتێکی تری عەرەبی دەفرۆشرێ و سوکایەتی پێدەکرێت..بەرامبەر بەچ میللەتێك ئەو تاوانەکراوەو چ سیستمێك دور لەشۆڤینەیەت ئەو پێشێلکارییەی لێدەوەشێتەوە. هێندەماوەبڵێم: خۆزگە. عەرەب بوومایەو قەڵەمەکەم لەدژی شۆڤێنیەتی نەتەوەکەم دەخستەگەڕو ئاین و ئایدۆلۆژیای شۆڤێنی..کوێری نەدەکردم.

ئەم بابەتە سالی رابووردوو لەیادی قوربانیانی ئەنفالدا لەساڵنامەی ئەنفالستان ژمارە (1)دا بڵاوکراوەتەوە.